# ئەسیاری هەناسەیەكی گریاو

تەها سلیمان/كەلار

ئەم بەبانییەش،
دوا ركاتی نوێژی دوایین ساتی چاوەڕوانیت كۆتایی پێ بێنە.
بڕۆرەوە بۆ ئەودیو بوون،
لە خولقی تەنگی خۆتا، بچۆ بۆ دیداری ئەو بەهەشتەی،
كە نەدیوتە و نە دەیناسی,
رێ بە بانگی سوبحەینانی سۆفییەكی نوورانی و بێ ئاگا لە دونیا بگرە،
پێی بڵێ بزان، من و ئەو بە كام شەجەرە، دەچینەوە سەر پشتی یەكترا!
لە كاوێژی سیاسییەكی خەسیو مەسڵمێوە،
نەكەی كڵاوكوڕەیەك لە خەو رابێنی و ترپەی دەنگی ژێرپێت،
كوختییەك لە ئاو بكات.
مەگەڕێوە بۆ بیركردنەوە لە پەیوەندی نێوان خۆت و خوا،
چون خوایەتی بێجگە پاكێتییەكی بەتاڵ، بوونێكی نییە.
ئەگەر خاچێكت دی لە سێدارە درابوو،
ئەوە خۆتی ... ,مەسیح نییە...
ئەگەر سەگێگ لە دوورا، دەوەڕی،
ئەوە بە عەشق دەوەڕێ.
ئەگەر تەنیاییت دی هاواری لێ هەستابوو،
ئەوە لەگەل پرسەگێڕی خۆیدا، شەڕێتی،
تكایە هۆگری بە.
قومێك ئاو لە مەتارەكەی دەستی من بخۆرەوە،
من كوڕی پیاوێكی نوورانی خوانەپەرەستم،
ئەی كچی بێدەنگترین پیاوی تەنیاتر لە خوا، لە من و لە خۆت.
ئەگەر حیكایەتی خۆراسانت[1] كەوتە بەر گوێ،
پرسیاری زەریف[2] بكە،
كەس لە ئەو راستگۆتر، ئەم چیرۆكەت بۆ ناگەڕێتەوە
ئەگەر جەمیلەت[3] بە چاوی خۆت بینی، دەگری،
تەنیا كوڕەكەی دەروێش عیسا[4]، بدۆزەوە(ئەو) نەبێ،
كەس نازانێ نهێنی فرمێسكی گریان چییە.
ئەگەر دەتەوێ لە گێژەنەی ئەم باهۆزی تەمەنەو
ئەم هاتنی بە لێشاوی وەرزی وەرینە، رزگارت بێ،
لەدایكم پرسیار بكە،

---

[1]-خۆراسان: ئافرەتێكی گەرمیانی بوو، بە تومەتی ناموس، تیرۆركرا

[2] زەریف: تەنیا ئافرەتێكی پەككەوتەیە لە پاشماوەی تاوانی ئەنفال لە سەرجەم خێزانەكەی.

[3]– جەمیلە: كچێكی ئەنفالكراوی زەریفە

[4]– دەروێش عیسا: باپیری نووسەری ئەم شیعرەیە

بزان من کوڕی بام یان باران، یاخود سوتان.
ئەی بۆ لە خۆت ناپرسی، تۆ کچی وەنەوشەیت،
یان تۆفان، یاخود ئافاتی سالّی عیشق؟
کە گەشتییە بەر دەروازی شارو یەکەمین پەنجەرەی شکاوت دی،
ئەوە منداڵەکانی ئیبلیس بوون، بە فیتی سەرۆك و
خێڵ،
ئاین و
ناموس
شکاندیان.
بیرت نەچیٚ،
ئەوە پەنجەرەی هەستی من بوو...
چیتر وەك ئەوەڵین جارو
وەك لێخوڕی یەکەمین قەیاغی سەر دەریا،
بەترسەوە، هەنگاو نەنێی...
لە من
لە خۆی
لە ئەو
بپرسە،
بۆ ئەوەی لە هاتنتا رایسپێری،
ئەو داپیرەیەك بیر نەچیٚ
کە نێوچەوانی ماچ کردی و
لە ژێر لێوەوە پێی وتی: قوربانی تۆزی ژێر پێی ئەسپی کەحێل و
تەمەنی بەرەو پیری چووی عیشقی بم.
پێی بڵیٚ: ئامانەت بیٚ، خۆم و دەفتەر و ئەنگوستیلەو کل و کلدان مێخەك و
عیشقی سووتاوی من/لای ئەو.
کە ئێوارانت لێداهات،
لە ماڵی دارشاتویەکدا، ستر بگرەو
لەگەل خۆت، پڕ گیرفانی پاڵتۆکەت،
شاتوو هەڵگرە.
چون من دەزانم، تۆ هەمیشە هۆگری گەڕانی،
کە برسیت بوو،
شاتویەك بە روحی لێوان لێو لە ئێشی منەوە بخۆ.
من ئەسیارم، ئەسیاری نیشتمان، ئەسیاری عیشق، ئەسیاری ئێش و تۆزی هەناسە،
ئەسیاری رۆحی پەراش پەراش بووی خودی خۆم و تۆ،
ئەسیاری نوێژی پڕ لە تەهارەتی خۆم و خۆت،
ئەسیاری رۆژێکی لێوانلێو لە حەنینی کە تێیدا، یەکترمان ناسی،
ئەسیاری سیلاوی فرمێسکی پاکانەکانی تۆ،
ئەسیاری هاواری ئەو کۆترەی بۆ یەك چرکە هاتە بەردەم پەنجەرەی ژوورەکەت و رۆیی.

بڵێ، بزان کەی و چۆن و بۆ لە کوێ،
چەتری تەنیاتر لە خۆتت هەڵداوە.
تەماشا
من ئێستا لە لێواری ئەو رووبارەدا، خەریکە وون دەبم،
کە جارێکیان بەڕێکەوت وەك ئەو پڕ بووین لە رۆیشتی نەرم و حیکایەتی مناڵیمان،
هەموو کاتێ لە خۆم دەپرسم،
بۆ نا، بە مناڵی ئەوەم وەك خۆی بناسیبایە و
بۆ هەتایە،
ببوایەم بە ئەو.
بیرم دێ،
بیرت دێ؟
لە لێواری ئەو رووبارەدا،
خوا بۆ یەکەمین جار ئیزنی داین
کە عیشق وەك خۆی بناسین؟

2005